لە لەندەن یادی 16ی ئاب و شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بە شکۆمەندی کرایەوە

خەبات- لەندەن: بە ئامادەبوونی نوێنەری پارت و لایەن و هێزە سیاسی ئێراقی و کوردستانیەکان و کەسایەتی ڕۆشنبیر و حزبی، و ڕەوەندی ئێراقی و کوردستانیانی دانیشتوانی لەندەن، لیژنەی ناوچەی لەندەنی پارتی دیموکراتی کوردستان بەبۆنەی 62 هەمین ساڵیادی دامەزراندنی پ د ک و 47 ساڵیادی هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلوولی پیرۆز ئێوارە کۆڕێکی وتار خوێندنەوەی ئێوارەی 21ی ئەم مانگە ساز کرد. سەرەتا ئامادە دبوان لەگەڵ سروودی نیشتمانی ئەی ڕەقیب ساتێک بۆ ڕێزگرتن لەگیانی پاکی شەهیدان وەستان، دواتر وتاری پارتی لەلایەن نوێنەری پارتی لە لەندەن شێرکۆ حەبیب خوێندرایەوە، وێڕای بەخێرهاتن و سوپاسی ئامادەبوان، باسی لە گرنگی دامەزراندنی پارتی و خەباتی 62 ساڵەی بەسەرۆکایەتی و ڕابەرایەتی باوکی ڕۆحی کورد بارزانی مستەفای نەمر کرد، هەروەها ئاماژەی بەهۆکاری هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول و دەسکەوتەکانی کرد و شۆڕشی ئەیلولی بەشۆڕشی سەرجەم یللەتانی ئێراق لە قەڵەم دا، هەروەها ئەوەشی گوت کە سەرجەم ئەو دەسکەوتانەی ئەمڕۆ لە ئارادایە و دەست هاتووە ڕۆڵی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ پارتی و شۆڕشی ئەیلوول و سەرکردە مەزنەکەی بارزانیی نەمر. دواتر وتاری حزب و لایەنە سیاسییەکان خوێندرایەوە کە بریتی بوون لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی ئێراقی، حزبی شیوعی ئێراقی، یەککگرتووی ئیسلامی کوردستان، یەکێتی ئیسلامی تورکمانی ئێراق، کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، لیژنەی هەماهەنگی حزب و لایەنە ئێراقییەکانی، لیژنەی دیموکراسی ئێراق، کۆمەڵەی کوردە فەیلییەکان، حزبی دیموکراتی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان- ئێران، بروسکەی نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەریتانیا بروسکەی پێشمەرگە دێرینەکانی حزبی شیوعی ئێراقی. سەرجەم ئەو لایەنانە وێڕای پیرۆزبای ڕۆڵی بارزانیی نەمر و سەرکردایەتی پارتی.

لەبەرامبەر کەمی باڵەخانەی قوتابخانەو خوێندگەکان

وەزیری پەروەردە داوا دەکات ڕێکخراو و دەزگا نێودەوڵەتییەکان پاڵپشتی وەزارەتی پەروەردەی کوردستان بکەن

خەبات-دلێر ئیبراهیم: دوێنێ د.دلشاد عەبدولڕەحمان وەزیری پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە دیوانی وەزارەتدا پێشوازی لە محەمەد جەلید بەڕێوەبەری ئۆفیسی ڕێکخراوی یونیسکۆ لە ئێراق و شاندی یاوەری کرد. لەدیدارێکدا بەڕێوەبەری یونیسکۆ دەستخۆشی لە وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد بۆ بەردەوام بوونی لەسەر پرۆسەی گۆڕانکاری و ریفۆرمخوازی، لەسیستەمی پەروەردە و خوێندنی هەرێمی کوردستانی ئێراقدا. هەروەها ناوبراو سوپاسی وەزیری پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی کرد و، ئامادەبوونی لە کۆنگرەی باڵای یونیسکۆدا بەرزنرخاند، کە مانگی رابردوو لەشاری ژنێڤی سویسری بەڕێوەچوو. لەلایەن خۆیەوە وەزیری پەروەردە دەستخۆشی لە چالاکییەکانی یونیسکۆ بۆ پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن لە تەواوی ئێراق و هەرێمی کوردستاندا دووپاتکردەوە و هیوای خواست یونیسکۆ هەردەم بە گروتینەوە بۆ پەرەپێدانی پرۆسەی خوێندن لە هەرێمی کوردستان و ئێراقدا کاربکات. هەروەها وەزیری پەروەردە ئاماژەی بۆ گرفتی کەمی بینایەی قوتابخانە و خوێندنگەکان لە هەرێمدا کرد و،هیوای خواست ڕێکخراو و دەزگا نێو دەوڵەتییەکان هاوکار و پاڵپشتی وەزارەتی پەروەردەبن، بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە.

لەگەڕەکی سەرچناری سلێمانی ئافرەتێکی عەرەب بەپارەی ساختەوە دەستگیرکرا

خەبات-بەختیار مەلا ئەحمەد-ن.سلێمانی: هێزەکانی ئاسایش لەگەڕەکی سەرچناری شاری سلێمانی ئافرەتێکی بەرەگەز عەرەب بەپارەی ساختەوە دەستگیرکرد، لەو بارەیەوە سەرچاوەیەکی ئاگادار بە ڕۆژنامەی خەباتی ڕاگەیاند: ئەو ئافرەتە بەرەگەز عەرەبە و دانیشتوی گەڕەکی سەرچناری شاری سلێمانیە و دوای بەدەستهێنانی زانیاری ورد هێزەکانی یاریدەدرێتی ئاسایشی سەرچنار توانیویانە بەبڕێک پارەی ساختەوە لەماڵەکەی خۆیدا دەستگیری بکەن. هەرچەندە سەرچاوەکە ئەوەی ئاشکرا نەکرد کەبڕی پارەکەی چەندە بەڵام ئەوەی ڕوونکردەوە کە : جۆری ئەو پارەیەی ساختە کراوە دراوی 10 هەزار دیناری چاپی نوێیە و دوای دەستگیرکردنی دانی ناوە بەوەدا کە ئەو پارە ساختەیەی لەبەغداوە هێناوەتە شاری سلێمانی لێکۆڵینەوەکان بەردەوامن و ئافرەتەکەش بە مادەی 281 ی یاسای سزاکانی ئێراقی دەستبەسەر کراوە.

مانگی تشرینی دووەمی دادێ

پیشانگایەکی بەیتەری و سامانی ئاژەڵ لە هەولێر دەکرێتەوە

لەدیدارێکی نێوان عەبدولعەزیز تەیب وەزیری کشتوکاڵ بەئامادەبوونی ڕەفعەت هیدایەت بەڕێوەبەری گشتی بەیتەرە و سامانی ئاژەڵ لەگەڵ شاندێکی کۆمپانیای سیفای فەرەنسی لەبواری پێکوت و پەلەوەر کەلە د.یوسف سوەیلم بەڕێوەبەری ئیقلیمی کۆمپانیاکە و د.وەلید ئەلسالح بەڕێوەبەری بازاڕگەری وچاودێری و د.سەلاح مستەفا بەڕێوەبەری گشتی فانۆکردب پێک هاتبوو، لەم دیدارەدا باس لە خزمەتگوزارییەکانی کۆمپانیاکە کرا لەبواری مەشق پێ کردنی کادیرانی بەیتەرە و کردنەوەی وۆرک شۆپ. شاندی ناوبراو و ئامانجی سەردانەکەی خستەڕوو کە لەمانگی تشرینی دووەمی داهاتودا پیشانگایەکی بەیتەری و سامانی ئاژەڵ لەهەولێر دەکەنەوە بە بەشداری ژمارەیەک لەکۆمپانیای پسپۆڕ تیایدا ئامێر و پێشکەوتنی تازەی تەکنەلۆژیا و پێکوت و کەرەستەی تازە پیشان دەدرێت ئەمەش بەسەرپەرشتی کۆمپانیای فانۆ ئەنجام دەدرێ.

لەدیدارەکەدا باس لە هەماهەنگی نێوان وەزارەت و کۆمپانیاکە کرا بۆ بایەخ دان بە نەخۆشییەکانی پەلەوەر و هێنانی شارەزایان بۆ مەشق پێ کردنی پسپۆڕانی بواری پەلەوەر و سامانی ئاژەڵ و تاقیگە و بەیتەرە، وەزیری کشتوکاڵ ئامادەیی خۆی بۆ گشت هاوکارییەک خستەڕوو لەگەڵ کۆمپانیاکە و جەختی کردەوە لەسەر پێویستی وەزارەت بە خزمەتگوزاری ئەم کۆمپانیایە لەپێناو برەودان بەکەرتی کشتوکاڵ بەگشتی و بواری پەلەوەر و سامانی ئاژەڵ بەشێوەیەکی تایبەتی.

پیروزکرنا سالڤەگەرا دامەزراندنا ئێکەتیا زانایێن ئاینێ ئیسلامێ

موسلح-ن.دهوک: ب مەرەما گەهاندنا پیروزباهیبان ب هەلکەفتا سالروژا دامەزراندنا ئێکەتیا زانایێن ئاینێ ئیسلامێ، شاندەکێ لقێ ئێک روژ 21 ئیلونێ سەرا بارەگایێ لقێ دهوک یێ ئێکەتیا زانایێن ئاینێ ئیسلامی دا و ژ لایێ بەرپرسێ لقێ دهوک یێ ئێکەتیا زانایان و هژمارەکا ئەندامێن وێ ڤە هاتنە پێشوازیکرن. دهەڤدیتنەکێ دا شاندێ لقێ ئێک سالڤەگەرا دامەزراندنا ئێکەتیا زانایێن ئاینێ ئیسلامی پیروز کر و بەحسێ پیروزبیا ئاینێ ئیسلامێ هاتە کرن. ژ لایێ خوڤە ماموستایێن زانایێ ئیسلامێ سوپاسیا ڤێ سەرەدانا شاندێ لقێ ئێک کر. ژلایەکێ دیڤە پارێزگەرێ دهوکێ ب وەکالەت و قایمقامێ قەزا دهوک سەرا بارەگایێ ئێکەتیا زانایێن ئاینێ ئیسلامێ دا و سالروژا دامەزراندنا وان پیروزکر.

پارێزگاری سلێمانی پرۆژەکانی نێو شار بەسەر دەکاتەوە

خەبات-دونیا سەنگاوی: دانا ئەحمەد مەجید پارێزگاری سلێمانی هاوڕێ لەگەڵ سەرۆکی شارەوانی سلێمانی و بەڕێوەبەری گشتی شارەوانییەکان و بەڕێوەبەری ڕێگاوبانی سلێمانی و قایمقامی قەزای مەڵبەندی سلێمانی، ژمارەیەک لە پرۆژەکانی پارێزگای سلێمانی بەسەرکردەوە، لەوانەش پرۆژەی ئۆڤەر پاسی چوارڕێیانی سەرچنار کە شارێی کەرکوک بەشەقامی سالمەوە سەنتەری شار دەبەستێتەوە کە پێشتر قەرەباڵغی یەکی زۆر بەسەر ئەو چوار ڕێیانەوە بووە و ئێستا بەهۆی دروستکردنی ئەو پرۆژەیە و ئەو قەرەباڵغییە نامێنێت و هاتوچۆ تێیدا ئاسای دەبێتەوە، پارێزگاری سلێمانی لە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کاری پرۆژەکەی کۆڵییەوە کە زیاتر 60% ی تەواو کراوە و بڕیارە لەمانگی ئایندە دا پرۆژەکە تەواو بکرێت کە بەبڕی 8,646960000 دینار لەلایەن کۆمپانیای چەتوشی ئێرانییەوە جێبەجێ دەکرێت، پارێزگاری سلێمانی داوای لێکردن کە پێویستە لەوادەی دیاری کراودا پرۆژەکەیان تەواو بکەن پاشا پارێزگاری سلێمانی بینای پارێزگای سلێمانی بەسەرکردەوە کە لە قۆناغی جێبەجێ کردندایە و لەسەر بودجەی پارێزگای سلێمانی دروست دەکرێت بە بڕی 23,505,300,000 دینار وە بڕیارە لەماوەی 14 مانگدا پرۆژەکە تەواو بکرێت و لە /2008 5/19 وە دەستی پێکراوە، پرۆژەکە بریتی یە لە 5 بلۆک بینا و 3 بلۆکی 5 قاتە و 2 بلۆکی 2 قاتە لەسەر زەوی یەک بە رووبەری 23500 م2 دروست دەکرێت کە دەکەوێتە بەردەم کارگەی شەکری سلێمانییەوە، پارێزگاری سلێمانی لەچۆنیەتی بەڕێوەچوونی کاری پرۆژەکەی کۆڵییەوە لەگەڵ ئەندازیار و بەرپرسانی پرۆژەکە کە لەلایەن کۆمپانیای گۆرکیمی تورکییەوە جێبەجێ دەکرێت. هەروەها پرۆژەی ڕێگای سلێمانی-تاسلوجەیان بەسەر کردەوە کە لەقۆناغی جێبەجێ کردندایە و بریتییە لە پانکردنی ڕێگەکە بەپانی 10م بۆ هەر لایەکی ڕێگاکە، واتا پانی هەر لایەکی ڕێگاکە دەبێتە 17 م و درێژی ڕێگاکە 15 کم و پرۆژەکە لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێم بەبڕی 52 ملیار دینار جێبەجێ دەکرێت لەلایەن کۆمپانیای(صقور)ە وە و بڕیارە لە 2009/2/4 پرۆژەکە تەواو بکرێت، پارێزگاری سلێمانی لە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کاری پرۆژەکەی کۆڵییەوە و کۆمەڵێک ڕێنمایی و ڕاسپاردەی پێویستی کردن بۆ زیاتر سەرخستنی کارەکانیان. هەروەها پرۆژەی دروستکردنی یاریگای یانەی وەرزشی پێشمەرگەیان بەسەر کردەوە لە فەرماندەیی کە لە قۆناغی تەواو بوندایە و لەسەر زەوی یەک بەرووبەری 68م X 105م جێبەجێ دەکرێت بەبڕی 2,250,000,000 دینار لەسەر بودجەی پارێزگا بەپێی ستاندەری جیهانی و لەلایەن کۆمپانیای بروا وە جێبەجێ دەکرێت. یاریگاکە بەچیمەنی سروشتی داپۆشراوە و پشتی گۆڵەکانیش بە چیمەنی دەستکرد داپۆشراوە و لە /2007 11/31 وە پرۆژەکە دەستی پێکراوە و بڕیارە لە 2008/9/2 تەواو بکرێت و دەوری یاریگاکە بەسیاجی BRC گیراوە و بڕی 300,000,000 دینار هەر لەسەر بودجەی پارێزگا بە درێژی 450 م بۆ تەرخانکراوە، پرۆژەی یاریگاکە 3 بیری ئیرتیوازی لەگەڵ تانکی یەکی کۆنکرێتی بەقەبارەی 100000 لتر لەخۆ دەگرێت.

تائێستا تەرمی بارین نەدۆزراوەتەوە

تەیفور گوندەژۆری -ن.چۆمان: دوای ئەوەی لە بەرواری 9/11 بارانێکی بەخوڕ ناوچەکانی باڵەکایەتی گرتەوە و لە ئەنجامدا لە چەند گوند و کوێستانێکی ئەو سنورە لافاو دروست بوو، بەهۆیەشەوە زیانی گیانی و ماڵی لێکەوتەوە. لەکوێستانی بەردەڕشانی گوندی وێزە لەسنوری شارۆچکەی چۆمان لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی ئاستی ئاو و دروست بوونی لافاو دوومالّی کۆچەر بەر شەپۆلەکانی لافاو کەوتن و بەو هۆیەوە 3 کەس کە ئەندامی یەک خێزان بوون بەناوەکانی خدر حەسەن مراد تەمەن 70 ساڵ و هاوسەرەکەی فاتیمە ڕەحمان حەسەن و کچەکەیان بەناوی بارین خدر حەسەن تەمەن 20 ساڵ گیانیان لەدەستدا. دوای بەهانەوە چوونی دەزگاکانی حکومی و حزبی و جەماوەری ناوچەکە، دوای 2 کاتژمێر لە پرۆسەی گەڕان بەدوای قوربانیاندا دوو لە تەرمی بەرکەوتوان دۆزرانەوە، وەلێ تاکو ئێستاش تەرمی بارین خدر تەمەن 20 ساڵانە وێڕای گەڕانی بەردەوام و ڕۆژانە لەلایەن کەسوکاری ناوبراو نەدۆزراوەتەوە. لەمبارەیەوە مەحمود ئەحمەد ئامۆزای بارین بەخەباتی ڕاگەیاند: لە ڕۆژی کارەساتەکە وە تاکو ئێستا ئێمەرۆژانەزیاتر لە سی کەس سەرقاڵی گەڕانین بەدوای تەرمی بارین سۆراغێکمان نەکرد و،ناوچەکەش شاخاویە وبەشێکی زۆری بەمین داچێنراوە، بۆیە ناتوانین سەرجەم ناوچەکە بگەڕێین، مەحمود داواکارە بۆ لەسەرجەم دام و دەزگاکانی ناوچەکە هاوکاریان بکەن بۆ دۆزینەوەی تەرمی بارینی ئامۆزای، ماوەتەوە بڵێین دۆزینەوەی تەرمی بارین خدر وێرای دروست بوونی نیگەرانی لای کەسوکاری، لەلایەکی دیکە پرۆسەی گەڕان بەدوای تەرمی ناوبراو ڕۆژانە لە شوێنی ڕووداوەکە کە ناوچەیەکی شاخاوی سەخت و ژمارەیەکی زۆری مینیش لەناوچەکە بوونی هەیە و بۆتە مەترسی بۆ سەر گیانی خزم و نزیکانی بارین، بۆیە هاوکاری کردنیان لەلایەن لایەنی پەیوەنداری حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەک ئەوان خستیانەڕوو پێویستە.

ئێوارەخوانێک بۆ منداڵانی خانەی نەوجەوانانی کوڕان و کچان

خەبات/کەیفی: بۆ گرنگی دان بە پیرۆزی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز و خزمەتکردنی زیاتری منداڵانی بێ سەرپەرشتیار، بەم بۆنەوە دوێنێ بە ئامادەبوونی پشتیوان سادق بەرپرسی لقی 2و کارگێڕانی لق وبەرپرسی ناوچەی یەکی فەرمانبەران، لقی 2ئێوارە خوانێکی بۆ منداڵانی خانەی نەوجەوانانی کوڕان و کچان لە باخچەی لق سازکرد. لەوتەیەکدا بەرپرسی لقی 2 جەختی لەخزمەتکردنی زیاتر و باشتکردنی ڕەوشی ژیانی و گرنگی دان بە ماف و داخوازییەکانی منداڵان کردەوە، پاشان ئاماژەی بە هەموو ئەو گرنگی. بایەخی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد کە توانراوە لەچەند دەزگایەکی تایبەت خزمەت بۆ ئەم منداڵە بێ سەرپەرشتیارانە دابین بکرێت، هەروەها بەرپرسی لق تەئکیدی لە پاڵپشتی و هاوکاری بۆخانەی نەوجەوانان لە خزمەتی زیاتر و پێویستیەکانیان کردەوە، پاشان دیاری تایبەت بەسەر مامۆستایان و منداڵانی ئامادەبوو دابەشکرا.

خولی 16ی ئاب بۆ 54 قوتابی کوڕ و کچ کۆتایی هات

دوێنێ لە هۆڵی شەهیدان لە بارەگای لق بەئامادەبوونی کاکەمین نەجار بەرپرسی لقی 16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسی مەکتەبی ڕێکخستنی پێشمەرگە و بەرپرس و نوێنەرانی مەکتەبە ناوەندییەکانی پارتی و هەڤاڵانی فەرماندەیی لەشکری کوردستان وفەرماندەی هەولێر و مامۆستایان و قوتابیانی خولەکە و کارگێڕ و ئەندامانی لق و بەرپرس و هەڤاڵانی لیژنە ناوچەکان، کۆتایی بەخولی ڕۆشنبیری 16ی ئاب هات کە مەکتەبی ڕاگەیاندنی لق بۆ 54 قوتابی کوڕ وکچ لە ئەندامانی مەکتەب و کادیرانی لق و کارگێڕ و ئەندامانی ناوچەکانی سنوری لق ڕێکی خستبوو کە نزیکەی مانگێکی خایاند. بەرپرسی لق لەوتەیەکیدا تیشکی خستە سەر گرنگی ئەو جۆرە خولانە لەژیانی پارتایەتیدا کە پێویستە کادیر لە ئاستی بەرپرسیارێتیدا بێت لەبەرامبەر ڕووداو و پێشهاتەکاندا و داوای لە قوتابیانی بەشداربووی خولەکە کرد کە ئەو زانست و زانیاریانەی لەم خولە فێری بوون بە پراکتیک لە شوێنی کارکردنیان جەماوەر و هەڤاڵانیانی پێ ئاشنا بکەن بۆ ئەوەی لە ڕێگەیەوە بتوانن زۆرترین خزمەت پێشکەش بە هاوڵاتیان بکەن. دواتر وتاری قوتابیانی بەشداربووی خولەکە لەلایەن قوتابی شنۆ محەمەد خوێندرایەوە و بەناوی قوتابیانەوە سوپاسی لقی 16ی هەولێر و مامۆستایانی خولەکەی کرد بۆ کردنەوەی ئەو جۆرە خولانە و هیوای خواست کە لەداهاتوودا بتوانن لە ڕێگەی ئەو زانستەی وەریانگرتووە خزمەت بەکادیران و خەڵکی وڵاتەکەیان بکەن. لەکۆتاییدا دیاری و بروانامەی دەرچوون بەسەر قوتابیانی بەشداربووی خولەکە دابەشکراو بروانامەی ڕێزلێنانیش لەلایەن بەرپرسی لقەوە بەخشرایە مامۆستایانی خولەکە.

فۆتۆ: خەبات

دیدارا ژینگەهێ یا قوتابیێن زانکۆیێن ئێراقێ ل دهۆکێ

هاریکارێ سەرۆکێ زانکویا دهۆک بۆ کاروبارێن زانستی بۆ راگەهاندنا زانکۆیێ راگەهاندن: کو دیدارا ژینگەهێ یا قوتابیێن زانکۆیێن ئێراقێ دێ ل ڕۆژێن /2008/10 13 ل زانکۆیا دهۆکێ هێتە گێران ب مەبەستا ڤەکولینا سەروبەرێ ژینگەهێ و دێ د چەند تەوەراندا هێنە گەنگەشەکرن. د.حەسەن ئەمین هاریکارێ سەروکێ زانکۆیێ گوت دیدارا ژینگەهێ ل زانکۆیا دهۆکێ هێتە گێران و دێ 22 ڤەکۆلین هێنە پێشکێشکرن ژ لایێ ماموستایێن پسپور ڤە، کو ڕەزامەندی ل سەر هاتیە کرن، و بابەتێ سەرەکی یا ڤان ڤەکولینا دێ ل دۆر بابەتێن پیسبونا ژینگەهێ و هەمەرەنگیا ژیاندار و پەروەردە و راگەهاندنا ژینگەهێ بیت. دیسان د.حسن ئەمین دیارکر: دڤێ دیدارێ دا دەرفەت دێ بۆ گەنگەشا سەروبەرێ ژینگەهێ ل ئێراق و هەرێما کوردستانێ هێتە دان، پشتی پێشکێشکرنا چەند سمینار و روینشتنێن زانستی دێ پێشنگەهەکا ژینگەهێ ژ لایێ ئەندامەکا چەلەنگا کومەلا معا یا پاراستنا ژینگەهـ و مرۆڤی هێتە ڤەکرن. ئەڤ دیدارە دێ ل سەنتەرێ ڕەوشنبیری یێ زانکویێ هێتە گرێدان، و دێ ب چاڤدێریا وەزارەتا خواندنا بلند و ڤەکولینێن زانستی و ب هاریکاری و ڕێکخستن و وەزارەتا ژینگەهێ و کومەلا معا بیت، ل دویماهیێ ژی چەند بریار دێ بۆ چەند جهێن پەیوەندیدار هێتە بلند کرن. د.حسن ئەمین پێداچوو و گوت: ل بەربو ئەڤ دیدارە ل 22 ئیلونا ڤێ ساڵی هاتبا گێران بەلێ ژ بەر چەند ئەگەرێن هونەری و هاتنا هەیڤا ڕەمەزانێ هاتە پاشئیخستن بۆ 2008/10/11ێ.

بۆ جارا ئێکان پاس ل هێلێن ناڤخۆ یێن ئاکرێ کار دکەن

ئاکرێ/خەبات-ڕەمەزان باشقالی: ژ بەر کو سەنتەرێ باژێرێ ئاکرێ بری نها کەلەک بەرفرە نەبوو و ژ بەر بەرزایی و نزماتی و شەقامێن بەر تەسک پاس نەدکارین کو دناڤا شەقامێن سەنتەرێ باژێری دە کار بکەن، لێ وەکە یا روون و ئاشکرایە کو باژێرێ ئاکرێ پێشکەفتنەک مەزن و بەرچاڤ ب خوەڤە دیتییە ژ تەڤایا ئالیان ڤە و هژمارا سەرنشینێن ژی ب ئاوایەکێ سەرنج ڕاکێش زێدە بوویە لەو ما کارەک نوی و سەرنج ڕاکێش دەرکەفتی یە و ب خۆشحالی ڤە دبینین کو نها و بۆ جارا ئێکان ڕەف یانکو پاسێن کرێ یێن نەفەرێن ناڤخۆیی ل شەقامێن ئاکرێ هاتووچۆیێ دکەن و کارێ وانا ژی یێ باشە و جهێ خۆشحالیا وەلاتیانە.

2 ڕووداوی تەقینەوەی مین لە دەڤەری سۆران

هاوڵاتی فەرحان عەلی ئەحمەد کە تەمەنی 44 ساڵە و خێزاندارە و مەڕدارە، خەڵکی گوندی بێلینگری سەرووە سەر بەقەزای سۆران، لەکاتی داربڕین لە ناوچەیەکی مینرێژکراو لە چیای کێلی بۆڵێ لە دەڤەری سیدەکان مینێکی دژەکەشی کڵپەدار پیایدا دەتەقێتەوە و بەهۆیەوە قاچی ڕاستی لە خوار گۆزینگ دەپەڕێت. بەمەبەستی چارەسەر بەپەلە دەگەیەنرێتە نەخۆشخانەی سۆران. بۆ ڕۆژی دواتر هاوڵاتی بنیامین تەها محەمەد کە تەمەنی 18 ساڵ و خەڵکی ناحیەی دێگەڵەیە لە کاتی لەوەڕاندنی مەڕومالاّت لە ناوچەیەکی مینرێژکراو لە دەوروبەری گوندی مەمی خەلان لە دەڤەری چۆمان مینێکی دژە کەسی پیایدا دەتەقێتەوە و بەهۆیەوە قاچی ڕاستی و دەستی چەپی بە سەختی بریندار دەبێت. بەمەبەستی چارەسەر بەپەلە ڕەوانەی نەخۆشخانەی ئیمەرجنسی لەهەولێر دەکرێت. شایانی باسە ئەمساڵ لەبەر وشکەساڵی ژمارەیەکی زۆرتر لەمەڕدارەکان لە ناوچە جیاوازەکانی سنوری پارێزگای هەولێر بۆ لەوەڕاندنی مەڕ ومالاّتەکانیان و پاراستنی سامانی ئاژەڵی ڕوویان کردۆتە کوێستانەکانی نزیک سنوور لە دەڤەری چۆمان و سیدەکان. زنجیرە چیاکانی ئەم دەڤەرانە لەماوەی هەشت ساڵەی شەڕی ئێراق و ئێران ناوچەی شەڕ و پێکدادان بوون بۆیە ژمارەیەکی زۆری ناوچەی مینرێژکراو و جۆرەها پارچەی تەقەمەنی نەتەقیو لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگەکە لەو دەڤەرانە دەبینرێن کە دەبنە هۆی گیان لە دەست دان یان کەم ئەندام بوونی ئەو کەسانەی بۆ مەبەستی جۆراوجۆر دەچنە ئەو ناوچانە.

کومەڵگەها شێلادزێ... 2 ئافرەت ب سۆتنێ گیانێ خۆ ژ دەست ددەن

ن.خەبات/دهوک: کۆمەڵگەها شێلادزێ دماوێ حەفتیەکێ ئاگر دبیتە ئەگەرا مرنا 2 ئافرەتان، ئێکێ ئافرەتەکا گەنجە دژییێ 28 سالیدا بناڤێ (س.ا) کو ل روژا 2008/9/13 سۆتیە و ل نەخوشخانا ئازادی گیانێ خوژ دەست دایە و تا نوکە راستیا چاوانیا سوتناوێ ئاشکرا نەبویە. یا دووێ ئافرەتەکا 50 سالییە بناڤێ (ش.ح) لروژ 2008/9/19 سۆتییە و ل نەخوشخانا تەنگاڤیا ل دهوک گیانێ خو ژ دەست دایە، کەسەکێ نێزیکی وێ دبێژیت ژ کەڤندا ڤی ئافرەتێ ئێشەکا دەروونی هەبوو و روژ بو روژ بارێ وێ یێ تەندروستی بەرەف خرابیێ دچوو و دەمێ ئەو کورەکێ خو ب شەرچووین ئێکسەر بەرەف جهێ شوشتنێ دچیتن و ئاگری بەرد دەتە خو هەتا کو لەشێ وێ هەمی دسوژیت و ئێکسەر رەوانەی نەخۆشخانا تەنگاڤیا ل دهۆکێ دکەن، بەلێ ژبەر بلندیا رێژا سووتنا وێ کو گەهەشتیە 100% گیانێ خو ژ دەستدا.

ڕۆشنایی ڕەمەزان

عومەر چنگنیانی

دەشەوەی کۆتایی مانگی ڕەمەزان

پشتیوان بەخوا، لەم ڕۆوە، (٢٣ی ڕەمەزانی ساڵی ١٤٢٩) ستوونەکە تەرخان دەکەم بۆ باسکردن لە حوکمەکانی ئەم(دە)شەوەی کۆتایی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز، بەوهیوایەی، کە بتوانین بیرهێنانەوەی پێویست بکەین و ئەوکار و کردەوانەی ئەنجامی دەدەین تیایدا، لەسەرینەمای سوننەت بێت، بە پێویستیشی دەزانم، لێرەدا نامیلکەیەک بکەمە سەرچاوەی سەرەکی بابەتەکەم، کە لە دانانی، ڕێزدار: (یحـیـی بن موسی الزهرانی)ە و نووسینێکی ئەکادیمیانە و بابەتیانەیە.

یەکەم: شەوی قەدر:

خوای گەورە قورئانی پڕلە بەخششی لە شەوێکی پیرۆز و پڕ لە فەر و بەرەکەتدا ناردووەتەخوارەوە، کە ئەو شەوە، لە هەمووشەوەکانی ساڵ، پیرۆزترە و خواپەرستی تێیدا، لەوەخێرترە، کە کەسێک لە نەتەوەکانی دیکەی بەرلە ئێمە، ماوەی هەزار مانگ، خواپەرستی کردبێت، بەمانا هەشتا و سێ ساڵ و سێ مانگ، ئەوشەوەیش شەوی قەدرە، خوای گەورە لە بارەی ئەوشەوەوە، دەفەرموێت:

(إنا أنزلناه فی لیلة القدر * وما أدراک ما لیلة القدر * لیلة القدر خیر من ألف شهر * تنزل الملائکة والروح فیها بإذن ربهم من کل أمر * سلام هی حتیٰ مطلع الفجر) (القدر). واتە: (ئێمە ئەم قورئانەمان لە شەوی قەدردا، ناردۆتە خوارەوە، ڕەنگە تۆ ئێستا نەزانی شەوی قەدر یانی چی!، شەوی قەدر ئەوشەوەیە، کە خواپەرستی کردن تێیدا، لە پەرستشی هەزارمانگ خێرترە، لەوشەوەدا بە فەرمان و ویستی پەروەردگاریان، بە یاوەری جوبریل، فریشتەکانی خوا دێنەخوارەوە و لە هەمووشت دەدوون و ئەوشەوە تابەیانی و کاتی خۆرهەڵاتن، سلاّو و میهرەبانی خوای گەورە پەخش دەکەن بەسەر موسڵماناندا).

بۆچی پێی دەگوترێت: شەوی قەدر؟:

١: بە بۆچوون و تێگەیشتنی لایەک لە زانایان، لەو شەوەدا، پەروەردگار بڕیارەکانی خۆی لەمەڕ بژێوی و ژیان و گوزەرانی خەڵک بڕیاردەدات، کە ئەمەیش جۆرێکە لە حیکمەتەکانی خوای گەورە.

٢: بۆیەکە ناوی لێنراوە شەوی قەدر، لە بەرەکەت و ڕێزەوە هاتووە، کە خوای گەورە، لە ئایەتەکەدا، بۆخۆی ئاماژە بۆئەم مانایە دەکات (وما أدراک ما لیلة القدر * لیلة القدر خیر من ألف شهر)، چونکە گومان لەوەدا نییە، شەوێک ئەوهابێت، بەها و ڕێزێکی زۆری هەیە.

٣: لە بەرئەوەیە، کە پەرستش تێیدا، خێرێکی زۆر و بەهایەکی بێ سنووری هەیە، ئەوەتا پێغەمبەر(د.خ)دەفەرموێت:

(من قام لیلة القدر إیمانا واحتسابا، غفر له ما تقدم من ذنبه) متفق علیه).

واتە: هەرکەسێک بە بڕوا وە و بەهیوای پاداشتی گەورەی خوا، لە شەوی قەدردا، ڕۆژ بکاتەوە و خەریکی پەرستش بێت تێیدا، ئەوە خوای گەورە لە هەمووتاوان و گوناهەکانی ئەوکەسە خۆش دەبێت و قەڵەمی لێبووردن بەسەر هەمووتاوانەکانیدا دەهێنێت.

شێخ موحەممەد صالح ئەلعوسەیمین دەفەرموێت: (ئەگەر لەو شەوەدا، مرۆڤی بڕوادار، خەریکی پەرستش بێت، با نەش زانێ شەوەکە، کەیە و بۆیشی دیاری نەکرێت و پێی نەزانێت، هەرخێری شەوەکەی پێ دەبڕێت، چونکە پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: (من قام لیلة القدر إیمانا واحتسابا) نەی گوتووە: زانیاری هەبێت بەسەر شەوەکەدا، گەر بوایە و مەرج بوایە زانستی بەسەردا شکاندن، ئەوە بوایە پێغەمبەر(د.خ)، باسی لێدەکرد.

وەڵامی چەند پرسیارێک: پ١: برایەک، لە هەندەرانەوە، دەپرسێت، داخۆ دروستەلەچێشتخانەی مەسیحی نان بخۆیت؟. وەڵام: دروستە خواردنی ئەهلی کیتاب بخۆیت و دروستەنانیشیان بدەیتێ، مەگەر کاتێک کە بزانیت خواردنەکەیان ئەوەیە، کە لای تۆی موسڵمان بەپێی شەرع حەرامە. پ٢: حوکمی دەنگ دابڕینی کوڕ لەگەڵ دایک وباوکی لە سەر ژنەکەی، چییە؟. وەڵام: نەک لەبەرئەوەی کە بڵێین: هاوسەرەکەت فەرامۆش بکە، بەڵام ئەوە دەچێتە نێو عقوقەوە و یەکێکە لەگوناهە گەورەکان .پ٣: حوکمی دەستنوێژ شێتن لەحەمامێک کە ئاودەستی تێدایە؟.وەڵام: ئەگەر شوێنی دیکەنەبوو، لە ئاستی ئاودەستەکە وەرە بەمەلاترەوە و دروستە وەک ناچاری.

www.chngiyn.com
ayinukomel@yahoo.com

تۆ کە ئێستا لە سایەی ئازادیی کوردستاندا کار دەکەی هەقە خوێنی شەهیدان و ڕەنجی ڕەنجکێشانت لە بیر بێت